www.kurdistannet.org
25-10-2006 7:51بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ڕوونکردنەوەیەك:

**بۆ براکوردەکان و حیزبە تێکۆشەرەکانی کوردستانی ئێراق! ... دڵسۆزێکی کوردستانی ئێران**

ماوەیەکە قۆڵی دەسەڵاتبەدەستی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتیی مستەفا هیجری بە شێوەیەکی نامەسئوولانە هێرشێکی تەبلیغی دەکاتە سەر حیزبە تێکۆشەرەکانی کوردستانی ئێراقو تەنانەت خەڵکیش. بیانووی ئەم هێرشانەش ئەو کردەوە تێرۆریستیانەن کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تایبەتی لە کاتی شەڕی براکوژی لە دەیەی 1990دا ئەنجامی داون. بەداخەوە ژمارەیکی بەرچاو لە تێکۆشەرانی کوردی ئێران قوربانیی ئەم تیرۆرانە بوون. ئەو شەڕە دەرفەتی بۆ دوژمنانی کورد بە تایبەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران پێك هێنابوو تا بە ئاسانی بتوانێ دەست بکێشێتە نێو کوردستانی ئێراقو ئەو جۆرە کردەوانە ئەنجام بدا.

مەبەستی قۆڵی مستەفا هیجری لە هەڵدانەوەی ئەو لاپەڕانە و وەبیرخستنەوەی ئەم ڕووداوە تاڵانە لە ڕێگەی چەند ڕۆژنامەیەك و سایتە ئەنتەرنێتی یەکانەوە، تەنیا داپۆشینو بەلاڕێدا بردنی زەینی خەڵك لە ئاست ئەو هەمووە هەڵە و نەزانییانەیە کە ڕۆژ نیە لەو قۆڵە ڕوو نەدا. هەروەها بە مەبەستی یەکدەست کردنو پاکسازیی یەکجاریی حیزبە، تا لەم ڕێگەیەوە کێشەو قەیرانەکانی نێو حیزب کە لە هەڵەو کردەوەی دیکتاتۆرانەی ئەم قۆڵەوە سەرچاوەیان گرتوە، بخەنە ئەستۆی هێزە کوردستانیی‌یەکان بەتایبەتی یەکیەتیی نیشتمانی. ئەو کات حیزبی دیموکرات بە ڕێبەرایەتیی عەبدوڵلا حەسەن زادە زۆر مەسئوولانەو واقیعبینانە کۆماریی ئیسلامیی بە ئەنجامدەری ئەم ڕووداوانە ناساندوە نەك هیچ لایەنێکی دیکە. لەگەڵ ئەوەش دا زۆر ئازایانە ڕەخنەو گلەیی لە هەر دەسەڵاتێکی کوردی دەربڕیوە سەبارەت بەوە کە ئەم ڕووداوانە لە ناوچەی ئەوان دا ڕووی دەداو ئەوان لە پاراستنی گیانی تێکۆشەرانی کوردی ئێران دا لەسەر خاکی خۆیان کەمتر خەمی‌یان دەکرد. بەڵام ئەوانەی ئێستا دەستیان بەسەر حیزب داگرتووە، ئەوکات متومۆر دانیشتبوونو نە قسەیکیان بەزاری دا دەهاتو نە ئەهلی قەڵەمیش بوون کە وشەیەکیان بە قەڵەم دابێ، کەچی ئێستا بێ ئەوەی شتێك قەومابێ دەستیان کردوە بەو ئاژاوە نانەوەیە. ئێستاش تەنیا ناوی ناوچەیەك دێنن کە ئەم ڕووداوانەی لێ ڕوو داوە. ئەو هەمووە تێکۆشەرانەی لە ناوچەکانی دیکە شەهید بوون (بە هیچ جۆر وەك قۆڵی مستەفا هیجری ناڵێم کاری حیزبەکان یان خەڵکی کوردستانی ئێراق بووە با کۆماری ئیسلامی مۆرەی کرێگرتەشی هەبێ) وادیارە چاویان کاڵ بوو و خوێنیان گەش نەبوو!

ئەم چەند دێڕە هاواری ویژدانی کوردێکی ئێرانی و ئەندامێکی حیزبی دیموکراتە و چونکە نای هەوێ لەلایەن چەند کەسی نامەسئوولەوە لە حیزبەکەی دەربکرێ بۆیە ناوی خۆی ناهێنێ، دەڵێم: ئەو قۆڵە دەیهەوێ ڕاستی یەکانی ئەوکات بشێوێنێ و تێکەڵ بە درۆو دەلەسەکانی ئێستایان بکا بۆ ئەوەی پاڵ بەو ئۆپۆزیسیۆنەی نێو حیزبەوە بنێ کە ئەو کات لە ڕێبەرایەتیی حیزب دا زۆرایەتی بوو.

قۆڵی دەسەڵاتداری حیزب لە کاتێك دا ئەم تەبلیغاتە نامەسئوولانەیان وەڕێ خستوە کە حیزبی دیموکرات چەند ساڵێك دەبێ لە سەر خاکی کوردستانی ئێراق بەتایبەتی لەو کاتەوە مستەفا هیجری و قۆڵەکەی زۆرایەتیی کۆمیتەی ناوەندیی‌یان بەدەستە، بچووکترین هەڕەشە لەسەر ئەم حیزبە نەبووە. بەڵام چاوپۆشی لەو هەمووە حورمەتو ڕێزو تەقدیرەی برا کوردەکانمانو پێوەندیی گەرمو دۆستانەی حیزبەکان بە تایبەتی دوو حیزبی برا پارتیو یەکیەتی، جگە لە بێئەمەگی هیچ مانایەکی دیکەی نیە. هەرچەند هەموو کوردینو یەك نەتەوەین بەڵام لە ڕووی سیاسیو مەسەلە نێونەتەوەیی یەکانەوە پەنابەرین. کاتێك ئەو هەمووە درۆ و دەلەسە و قسە ناشیرینانە لەلایەن ئەم قۆڵەوە بە ئەحزابی

کوردستانی ئێراق و تەنانەت خەڵکەکەشی دەبیستم، لەگەڵ ئەوەش دا نەفرەت لەم کارە دەکەم، هەست بە شەرمەزاری دەکەم. بە تایبەتی ئەو کاتە ئێمە وەك کوردێکی ئێرانی و ئەندامی حیزبی دێموکڕات بە گەرمی وەردەگیرێین و جگە لە پێوەندیی باشی سیاسی تەنانەت لە نێو خەڵك دا، لە هاتوچۆو کاروباری ئیداری دا کاربەدەستانی حکوومەتی کوردی ئەوەی لەمەی قبووڵ دەکەن لە خەڵکی خۆیانی قبووڵ ناکەن.

ماوە بڵێم: نەخەڵکی کوردستانی ئێران ئەوەندە بێ ئەمەگە و نە کادروپێشمەرگەکانی حیزبیش. دڵنیام لە حیزبی دیموکرات دا ژمارەی ئەو کەسانەی وەك من بیر دەکەنەوە (باشترە بڵێم من وەك وان بیر دەکەمەوە) زۆر لەو کەسانە زیاترە کە دەیانەوێ هەموو راستی یەك و هەموو بەرژەوەندی یەك و هەموو حیزبی دیموکرات بە قوربانی کەسێك و قۆڵێك بکەن..